# ئاوەژووبوونەوەی تیۆری دیالۆگی باختین لە چەند شیعرێکی (نالی و سالم و کوردی)دا

**د.ئومێد عزیز مستەفا**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین

armanumed44@gmail.com

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە گفتوگۆ یان دیالۆگ وەکو یەکێک لە هونەرە گرنگەکانی زمان و ئاخاوتن بەگشتی و گرنگی لە ناو ئەدەبدا بەتایبەتی بەکارهاتووە، هونەری گفتوگۆ بەهۆی گرنگییەکەیەوە لە زۆربەی جومگەو بەشەکانی زمان و ئەدەبدا بەشێوەیەکی بەرچاو سوودی لێوەرگیراوە، لە هەندێک کاتدا وەکو بەشێکی سەرەکی بە مەبەستی گەیاندنی بیرۆکە سەرەکییەکانی ناودەق سەیرکراوە. هەروەها مەبەستە سەرەکییەکەو گرنگی بابەتەکە خۆی لە ساغکردنەوەو یەکلاکردنەوەی بۆچوونەکانی باختیندا دەبینێتەوە سەبارەت بە هونەری گفتوگۆ لە شیعری کوردیدا، بەتایبەتی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا. لەکاتێکدا باختین بەشێوەیەکی گشتی شیعری لە هونەری دییالۆگ بێ بەش کردووەو پێی وایە شیعر لە دیالۆگ خاڵییە، بەتایبەتی کە شیعرو پەخشان لێک جیادەکاتەوەو باوەڕی وایە ڕۆمان باشترین نموونەی دیالۆگە، بەڵام جۆرەکانی شیعر بەم جۆرەنییەو هونەری گفتوگۆیان تیادانییە. بۆئەم مەبەستە، وێڕای نموونەی چەند دێڕە شیعرێکی شاعیرانی کۆن و نوێی شیعری کوردی، بۆجۆرەکانی دیالۆگ لەشیعردا، چەند دێڕە شیعرێکی نالی و سالم و کوردی، کراوە بە کرۆکی توێژینەوەکە، بۆ سەلماندنی هونەری گفتوگۆ لەشیعردا.

**وشە سەرەکییەکان:** شیعر، گفتوگۆ، نالی، سالم و کوردی.

## پێشەکی

گفتوگۆ هونەرێکی دیارو بڵاوی ژانرەکانی ئەدەبە، بەڵام ئەوەی شایانی باس کردن بێت ئەوەیە، کە ئەو باس و توێژینەوانەی، لەسەر توخمی گێڕانەوە کراوە بەگشتی و بەتایبەتی هونەری گفتوگۆ، ئەوا بەزۆری لەسەر هونەرەکانی پەخشان بووە، واتە لەسەر ئاستی شیعر کەمتر باسی لێکراوە. ئەمەش ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوە بێت، کە هەندێک پێیان وایە کە شیعر یەک دەنگە، لەوانە میخائیل باختین، لە دەربڕینی بۆچوونەکانیدا سەبارەت بە شیعرو هونەرەکانی پەخشان، بەتایبەتی کاتێک کە پەخشان لە شیعر جیادەکاتەوە، شیعر بە باشترین نموونەی یەک دەنگی دادەنێت و پێی وایە شیعر لە هونەری گفتوگۆدا خاڵییە. ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئاوەژووبوونەوەی تیۆری‌دیالۆگی باختینە لەچەند دێڕە شیعرێکی نالی وسالم و کوردیدا، کە مەبەست لێی وەڵامدانەوە و یەکلاکردنەوەی ئەم بۆچوونانەو هاوشێوەکانیانە کە پێیان وایە، شیعر یەک دەنگە و بەس.

بەمەبەستی ڕێکخستنی کارەکان توێژینەوەکە لەسەر ڕێبازی وەسفی شیکاریی ئەنجام دراوە، تاکو ئێستا شک نابەم سەبارەت بە ساغکردنەوەی تیۆری هونەری گفتوگۆی باختین لە شیعری کوردیدا کارکرابێت، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەمە توێژینەوەیەکی نوێیە لە شیعری کوردیدا، بەتایبەتی لە شیعری شاعیرانی قوتابخانەی نالیدا.

توێژینەوەکە لە پێشەکییەک و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشی یەکەم بریتییە لە: پێناسەی دیالۆگ و چەمک و زاراوە و بەشە سەرەکییەکانی، لەگەڵ جۆرەکانی دیالۆگمان بە کورتی بە نموونەی شیعری چەند شاعیرێک باس کردووە. بەشی دووەمیش ئەم بابەتانەی لە خۆگرتووە: هونەری گفتوگۆ لە چوارچێوەی تیۆری باختین وئاوەژووبوونەوەی تیۆری دیالۆگی باختین بە شێوازەکانی هونەری دیالۆگ لە شیعرەکانی نالی و سالم و کوردی بە نموونەی شیعری خستوومانەتە ڕوو، لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان تۆمار کراون، لەگەڵ پوختەی باسەکە بە دوو زمانی جیاواز.

## بەشی یەکەم:

## چەمک و بەشە سەرەکییەکانی  دیالۆگ وجۆرەکانی لە شیعردا

### ١-١- چەمک و زاراوەی دیالۆگ

دیالۆگ (Dialogue) هونەرێکی زیندووی جۆرەکانی ئەدەبە، لەگەڵ ئەمەشدا لە ژیانی ڕۆژانەماندا کەم تا زۆر بەپشت بەستن بەگێڕانەوە بەکاری دەهێنین، وەک دەبینرێت بە چەندان شێوە لە چەندان گۆشەنیگای جیاوازەوە پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوە، بیرو ڕای زۆری لەسەر دراوە و نووسراوە، بۆ نموونە ئەگەر چەند پێناسەیەکی دیالۆگ لێرەدا بنووسرێ، کە:(دیالۆگ سیفەتێکی عەقلییە، ناسنامەی هزری و دەروونی تایبەت بەکارەکتەرەکان دەدات، ئەو ناسنامەیەی لەناو دەقی ئەدەبیدا کارەکتەرێک لە ئەوانی دیکە جیادەکاتەوە).(حاجی،٢٠٠٩، ٢١٩).

لەسەرچاوەیەکی دیکەدا هاتووە، دیالۆگ ئەو هونەرەیە کە نووسەر بەکاری دێنێت بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی خۆی و زمان حاڵی کارەکتەریشە، هیچ کات دیالۆگ بێ لایەن و جێگیر ناوەستێت، بەڵکو هەمیشە لە جولەدایە بۆ شیکردنەوەی ئەوەی کە ڕوودەدات. لە پێناسەکی تردا هاتووە کە دیالۆگ یا گفتوگۆ دەربڕینی ڕای کەسەکانە یان گۆڕینەوەی بیرو ڕای ئەوانە لەگەڵ یەکتردا، (پارسا،١٣٩٧،٢٣). واتە پەیوەندی ئاخاوتنە لەنێوان دووکەس یان زیاتر بۆ خستنەڕووی بیرو بۆچوونیان. کەواتە گفتوگۆ بریتییە لە دروست کردنی پەیوەندی ئاخاوتن لەگەڵ کەسانی تر، کە پەیوەندییەکی بەرانبەرییەو فەلسەفەی زمان دەخاتەڕوو.

ئاشکرایە دیالۆگ لە بنچینەدا هونەرێکی زمانییە و سەر بەتوخمی گێڕانەوەیە، هەر جۆرێک لە جۆرەکانی ئەدەب بەپێی پێویستی خۆی سوودی لێبینیوە چ داستان بێت، یاخود ڕۆمان یا شیعر...تاد. گێڕانەوە چەند جۆرێکی هەیە:(گێڕانەوەی بابەتی،گێڕانەوەی خودی) (الخفاجي،٢٠١٢، ١٦٢). مێژووی دەرکەوتنی دیالۆگ هاوکات بووە، لەگەڵ مێژووی دروستبوونی زمان لەبەر ئەوەی گێڕانەوەی بابەتی گێڕانەوەی ڕووداوێکە یان هەواڵێک کە دروستکراوی خەیاڵ بێت، یا ڕاستەقینە. گێڕانەوەی خودیش چەند جۆرێکە:

(گێڕانــەوەی لــەرێگای کــەســیــەتییــەوە، لــەرێگــای دیالۆگــەوە، لــەرێگــای مۆنۆلۆگـەوە)، ئـەوەی لێرەدا مـەبـەسـتـە، دیالۆگـەکـە لـە زمـانی ئینگلیزییـەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی و جێگای خۆی کردۆتـەوە، لەکوردیدا (وتـووێژە، گفتوگۆ، دەمەتەقێ)ی پێ دەگوترێت. لـەزمانی عـەرەبی (مناقشـە یا محادثـە)ی پێ دەڵێن، و لـە زمـانی فارسـیش (گفتگو)ی پـێ دەڵێن. دیـالۆگ لـە دوو بڕگـە پێکهـاتووە ؛(دیـا، DIA )، ( لـۆگ، LOG UE ) بڕگـەی یەکـەم واتـە دووقـۆڵی، بڕگـەی دووەم واتـە گفتوگـۆ یـا دەمـەتـەقێ،(سـابیر،٢٠٠٣، ١٨). ئـەم هونـەرە لەپاش سەدەی نۆزدەهەم بەهۆی پەیدابوونی ڕۆژنامەوە لەگەڵ گەلێک بابەتی تر هاتنە ناو پەخشانی کوردییەوە(سەجادی،١٣٩٣، ٢١٣)، بەڵام وەکو بوون لەناو ئەدەبدا هەرهەبووە بەتایبەتی لەناو شیعردا.

دیالۆگ وگێڕانەوە پەیوەندی پتەو لەنێوانیاندا هەیەو دیالۆگ تەواوکەری گێڕانەوەیە، بۆیە بەکاربردنی هونەری دیالۆگ لەژانرەکاندا هـەروا لـەخۆڕاو بێ هۆ نەبووە، بەڵکو چەند ئەرکێکی لەخۆگرتووە، کە بۆتـە مایـەی بەخشـینی بەهێزی و بەپێز بوونی دەق. گرنگترین ئەرکەکانی هونەری دیالۆگ لەم چەند خاڵەدا چڕکراوەتەوە:

١- ئەرکی هونەری گفتوگۆ دەرخسـتنی ئاسـتی زمـان، هـزر، ڕۆشـنبیری، پلەوپایەی کۆمەڵایـەتی، تایبەتمەنـدی و نـاخی ئـاخێوەری زمـان و کارەکتـەری دەقەکەیە، کە خوێنەری کارامە هەر زوو دەست نیشانی دەکات.

٢- ئـەرکێکـی تـری ڕەخسـاندنی بـواری دەربڕینـە، کـە وا لـە کـارەکتـەر دەکات، ئازادانە بیرو بۆچوونەکانی خۆی دەرببڕێت، لـە چوارچێوەی دەقێکی دیارکراودا کە کەسایەتی خۆیانی تیادا بدۆزنەوە.

٣- هونەری گفتوگۆ ئەرکی چێژبەخشـینی زیـاترە بـەدەق، چونکـە دەبێتـە هۆی دروست بوونی چەند دەنگی لەناو دەقدا.

٤- دیـالۆگ ئـەرکی پاراسـتنی دەقـە، لـە درێـژدادڕی و بەلاڕێدا نـەبردنی دەق و ڕێگری کردن، لە دوورخستنەوەی بیرۆکە سەرەکییەکانی دەق.

٥- هونەری گفتوگۆ، ئەرکی یـەکلاکردنـەوە و بـە ئاکـام گـەیاندنی بیـر و بۆچوونـەکانـە، بـە شـێوەیەکی تەندروسـت، کـە زۆرجـار دەبێتـە هـۆی ڕوون

کردنەوەی دەق و سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی بیری نویَ لە دەقدا. **(قادر،٢٠٠٧، ٦٥)**.

**١–٢– بەشە سەرەکییەکانی هونەری دیالۆگ**

هونەری گفتوگۆ وەکو زۆربەی هونەرەکانی تر، دابەش دەبێت بۆ دووبەشی سەرەکی:

**١-٢-١- دیالۆگی ڕاستەوخۆ :**

ئەم جۆرە گفتوگۆیەکە دووکەس یان زیاتر، بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەچوار چێوەی دەقێکدا، ئەنجامی دەدەن، بەجۆرێک دەربڕاوەکان لە کەسێتی یەکەمەوە، ئاراستەی کەسی دووەم دەکرێن و دووەمیش بە دەربڕاوێک وەڵام دەداتەوە.)،(حاجی، ٢٠٠٩م، ١٧٦).

کەواتە ئاڵو گۆڕکردنی بیروڕایە لە سەر شتێکی دیارکراودا، هەریەکەیان بەشێوازی تایبەتی خۆیان قسەی لەسەر دەکەن، بەگوێرەی ئاستی تێگەیشتنیان لەبابەتەکە، بە پێی هەلومەرجێکی شیاو. گفتوگۆی ڕاستەوخۆ دابەش دەبێت بۆ سیَ بەش:

١- من لەبارەی ئەو لەگەڵ تۆ گفتوگۆ دەکەم.

٢- من لەبارەی تۆ لەگەڵ تۆدا گفتوگۆ دەکەم.

٣- من لەبارەی خۆم لەگەڵ تۆدا گفتوگۆدەکەم.(پورنامداریان، ١٣٨٥، ١٦).

**١-٢-٢- دیالۆگی ناڕاستەوخۆ :**

بەهەمان شێوەی دیالۆگی ڕاستەوخۆ، گفتوگۆی نێوان دوو کەسییێتی یان زیاترە لەدەقێکدا ، بەڵام لەم جۆرەدا لەبری ئەوەی، کەسێتییەکان ڕاستەوخۆ دوور لە دەست تێوەردانی گێڕەرەوە گفتوگۆ بکەن، و گوزارشت لەبیرەکانیان بکەن، گێڕەرەوەیەکی دەرەکی پرۆسەکە پێشکەش دەکات، یان لێکدانەوەو قسەی لەسەر دەکات،(محمد، ٢٠٠٩، ١٧٨). بۆ نموونە نالی لەدێڕە شیعرێکدا دەڵێت:

**عاشق دەڵێ نابێ کە کەس بدا خۆی لەداوم**
**زوڵفم کە هەموو داوە هەموو دانەیە خاڵم**

(مودەڕریس وئەوانیتر،١٣٧٩، ٢٨٧)

لەم دێڕە شیعرەدا نالی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەسەر زمانی یار بۆمان دەگێڕێتەوەو پێمان ڕادەگەیەنێت کەس خۆی لە داوی خۆشەویستی نەدات ئاگاداربن، چونکە هەروا ئاسان نییە، بەڵکو زۆریش ئاڵۆزە، بۆیە هەر لەسەرەتاوە ئامۆژگاری عاشقان دەکات کە ئاگاداری ئەم تۆڕو داوە بن، چونکە شاعیرخۆی هۆشیارە لە فۆرم و ڕێژەی سۆزی خۆشەویستی.

لە دیارکردنی ئەم بەشانەی دیالۆگ گرنگی زیاتری ئەم هونەرەمان بۆ بە دەردەکەوێت، چونکە هەرجۆرێک لەم جۆرانە ئەرکێکی تایبەتی یان زیاتر جێ بەجێ دەکەن، لێرەدا دەتوانرێ بوترێت، نالی و سالم و کوردی، زۆربەی زۆری ئەو دێڕە شیعرانەی، هونەری دیالۆگیان تیادا بەکار هێناوە، لە جۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆن، چونکە یەکێکە لەو تەکنیکە گرنگانەی، کە شاعیر ڕاستەوخۆ لە زاری خۆیەوە بەرهەمەکەی دەگێڕێتەوە، وەکو نالی دەڵێت :

**گوتم : ڕاستی سەبا هەڵسە ! گوتی مەشرەب موخالیفە**
**گوتم : نارێ ، گوتی : بایە ، گوتم : ئەوجێ ، گوتی دوورە**

(مودەڕریس وئەوانیتر ، ١٣٧٩، ٤٢٠).

ئەم دێڕە شیعرەی نالی لەجۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆیە، لە هەردوو وشەی (گوتم) و(گوتی) دەردەکەوێت، کە نالی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم دیالۆگەمان بۆ دەگێڕێتەوە .

سالم دەڵێت :

**وتم: زەخمی دڵم کاریگەرە توندبوو وتی: لاچۆ**
**بەمن چی؟ تیرە بارانی نیگاهی چاوی جادوومە**

(مودەرریس وئەوانیتر ، ٢٠١٥، ٨٠٣).

لەم دێڕە شیعرەی سەرەوەدا سالم ڕاستەوخۆ ئەم دیالۆگەمان بۆ دەگێڕێتەوە، لە هەردوو وشەی (کوتم، وتی)دا دەردەکەوێت، کە لە جۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆیە.

کوردی دەڵێت :

**ئەز دەڵێم قوربان، دەڵێ : من صاحب الصوت الكريه**

**غەیرکە بانگی کا، دەڵێ : لبیك یاخیر الندا** (حەمەبۆر، ٢٠١٠، ٥١).

لەم دێڕە شیعرەدا کوردی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم دیالۆگەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە هەردوو وشەی (دەڵێم، دەڵێ)دا دەردەکەوێت، کە ئەم دێڕە شیعرە سەر بە جۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆیە.

**١-٣- جۆرەکانی هونەری دیالۆگ**

هونەری گفتوگۆ یا دیالۆگ وەکو هەر هونەرێکی تر، چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە، باختین چەند جۆرێکی گفتوگۆی دیاری کردووە، لەوانە: (دیالۆگی دەرەکی، دیالۆگی دەروونی(مۆنۆلۆگ)، کیشمەکێش (جدل)، گاڵتەوگەپ(کارناڤاڵ)، دیبەیت(مناظره) و پرسیار و وەڵام (سوال و جواب))(پارسا، ١٣٩٧، ٥٤). بەم شێوەیە جۆرەکانی دیار کردووەو هەرجۆرەو چەند لق و جۆرێکی تری لەخۆگرتووە. لێرەدا بەکورتی، واتە بە گوێرەی پێویست لەگەڵ چەند نموونەیەکدا دەخرێنەڕوو:

**١-٣-١- گفتوگۆی دەرەکی:**

ئەم جۆرە گفتوگۆیە، بەشێوەی چاوەڕوان نەکراو(تصادف)دروست دەبێت، واتە بەبێ مەبەست و پێشینە، لەگەڵ کەسێک کە لەوانەیە نەشی ناسێت، هەر لەخۆوە گفتوگۆ دروست دەبێت، بەڵام گفتوگۆش هەیە، زوتر شوێنی بۆ دیارکراوەو پێشتر پلانی بۆ دانراوە، بەڵام هیچ مەبەستێکی نییە، هەروەها ئەگەر هاتوو هیچ مەبەستێکی دیارکراویشی نەبوو، ئەوە دیالۆگی گەشەسەندووە، ئەگەر مەبەستێکی دیارکراویشی هەبوو، ئەوە دەبێتە دیالۆگی مەبەستدار.

**١-٣-٢- گفتوگۆی دەروونی(مۆنۆلۆگ):**

ئەمەش جۆرێکی تری دیالۆگە و یەک کەس دەدوێت، واتە تاک دەنگە. باختین لەبارەی (Monologue) دەڵێت: گفتوگۆی دەروونی(Discourse)و رووحی وەکو یەک دەنگییە پێشینەیەکی هەیە، سەرەڕای ئەمەش لەم جۆرەدا

قســـەکەر لەگـــەڵ گـــوێگرێکی مـــەجـــازی و زهنـــی (Virtual)بەرکەوتـــەی هەیـە.(باختین،١٣٨٠، ٧٦). واتـە یـەک دەنگـەو بەشـێوەیەکی گشـتی لەشـانۆ، یاخود لە نمایشێکدا ڕووبە بینەران بەکار دەهێنرێت. ئەمەش چەند جۆرێکی هەیە: (مۆنۆلۆگی سادە، مۆنۆلۆگی نمایشی، مۆنۆلۆگی خودی یا(حدیث نفس).

بۆنموونە حاجی قادری کۆیی لەشیعرێکدا دەڵێت:

**گوتم بەبەختی خەواڵو بەسە ئەتۆ بی و خودا**

**لەخەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەو لا** (شارەزاومیران، ٢٠١٠، ٣٩)

لەم دێڕە شیعرەدا حاجی، ئاخاوتن لەگەڵ بەختی خۆیدا دەکات و پێی وایە، کە بێ بەختە، بۆیە کەوتۆتە دوورەوڵات، وەک دەزانرێت، کە بەخت بەرجەستە نییەو هیچ بوونێکی نییە. هەروەها مۆنۆلۆگەکەی حاجی پێشینەیەکی هەیە، کە ئاوارەیی و غوربەت و دوورەوڵاتییە. مۆنۆلۆگەکەشی خودییە(ذات)یە.

**١-٣-٣- گاڵتەوگەپ (کارناڤاڵ):**

زاراوەی کارناڤاڵ لەزاراوە ئینگلیزییەکەیەوە وەرگیراوە ( Freebase carnival esquel) لە زمانی کوردی گاڵتەوگەپیشی پێ دەڵێن. ئەم زاراوەیە یەکەمجار باختین بۆ ئەم مەبەستەی بەکارهێناوە، کە ئاماژەی ئەدەبی هەیە، پێویستە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕێگای گاڵتەوگەپەوە شتەکان بگۆڕێت و ئاوەژوویان بکاتەوە، لە چوارچێوەکەیدا ئازادی بکات و بەشێوازێکی تەنزەوە بیانخاتەڕوو(گاردینر،١٣٨١: ٥٦). کارناڤاڵ وەکو بۆنەو جەژنێکی گشتی، بۆ هەموانەو چینەکانی کۆمەڵگا گۆڕانیان بەسەردادێت و ئاوەژوو دەبنەوە. بۆنموونە کەسانی کۆمیدیی دەبنە پاشا یان کەسانی بێ عقل دەبنە کەسانی داناو عاقڵ. بەگشتی واتە دونیای پێکەنین وخۆشی و خەندەدار. بۆ نموونە پەشێو لەشیعرێکدا بەناونیشانی (ڤیاگرا)دەڵێت:

**ریکلامی ناوێ**

**دنیا دەزانێ ڤیاگرای دیدەشین**

**چ خزمەتێکی راست و چەپ دەکات**

**بەڵام پێم سەیرە پەرلەمانتاری ئێمە کە دەیخوا**

**هەمووی سست دەبێ قڕو قەپ دکا**
**هەزاریش قوتدا ڤیاگرای بەد عەمەل**
**تەنیا گیرفان و دەستی ڕەپ دەکا** (پەشێو،٢٠١٩، ٤٥)

شاعیر بەتەنزەوە باسی پەرلەمانتارانی کوردستان دەکات، بە گاڵتەجاڕییەوە ناویان دەهێنێت، وشەی خەندەدار و پێچەوانەیان بۆ بەکار دەهێنێت.

**١-٣-٤-پرسیارو وەڵام:**

باختین لەتیۆری گفتوگۆدا، گرنگی تایبەتی بە مەسەلەی پرسیارو وەڵام داوە. بە بۆچوونی ئەو، پرسیارو وەڵام گرنگترین بەشە بۆ بەردەوام بوونی دیالۆگ و سەلماندنی ئامادەبووانیشە(احمدی، ١٣٧٨، ٩٣). دەکرێ بوترێت پرسیارو وەڵام هەندێکجار، دەبێتە سەرەتایەک بۆ دەست پێکردنی ئاخاوتن و گفتوگۆکردن لەنێوان دوو بووندا، هۆکارێکیشە بۆ دروست بوونی دیالۆگی لەخۆوە(تصادوف)ی، کە جۆرێکە لە دیالۆگی دەرەکی. بۆنموونە: عوسمان عەونی شاعیر لە شیعرێکیدا بە ناونیشانی ( گوتم ئەی کچ ) گفتوگۆ لەگەڵ کچە کوردێکی ئاوارەی کوردستانی تورکیا دەکات، لێی دەپرسێت ودەڵێت :

**گوتم ئەی کچ لە گەشتی**
**شارستانی یا دەشتی**
**وا جوان و پاک رەوشتی**
**مەسیحی یا زەردەشتی**

ئەم گفتوگۆیە بە پرسیار دەست پێدەکات و ئاخاوتنەکەی دروست کردووە، هەروەها بەردەوامی بە ئاخاوتنەکەش داوە، لە نێوان دوو کەسداو ئامادەبوونیشیان پیشان دەدات، هیچ ئامادەکاری و پێشینەو پلانی پێشوەختەی لێ بەدی ناکرێت و دەکرێت بڵێین گفتوگۆیەکی لەخۆوەو بێ مەبەست و پلان بووە. گفتوگۆکە لەبارەی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکەسە و دیمەنی ژیانی کچەکوردێکی ئاوارە پیشان دەدات. دوای ئەم سەرەتاو پرسیار کردنەی عەونی کچە کوردی نازدار دێتە جواب و وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت :

**گوتی : ئـــــەی برای کوردی من**
**گــــــەر بزانی دەردی من**
**هـــــیچ جاری تر ناپرسی**
**مەلوولی و ڕەنگ زەردی من**

پاشان کچەکە بەردەوام دەبێت ودەڵێت:

**کـــــــیژێکم لێم قەوماوە**
**خـــــزم و برام کوژراوە**
**هـــــانام هێناوتە بەرتان**
**نــــــــازانم کێتان پیاوە** (عەونی، ٢٠١١، ٢٨- ٨٣ ).

ئـەمجارە دوای وەڵامدانـەوە، کچـەکە پرسـیار لـە عـەونی دەکات و دەڵێ نازانم کێتان پیاوە؟ بەمجۆرە گفتوگۆکە بەردەوام دەبێت... .

**١-٣-٥- دیبەیت(مناظرە):**

دیبـەیت جۆرێکـە لـە دیالۆگی ڕێکخـراو یـان فـەرمی، دیبـەت جیـاوازە لـە باسێکی لۆژیکی، کە لـە دەوری دامـەزراندنی راسـتییەکان دەسـوڕێتەوە، بـەو پێیـەی جیـاوازە لـە ئارگۆمێنتێک کـە لـەسـەر بنـەمـای ڕیتۆریک و قـایلکردن دامەزراوە، لێکۆڵینەوە لەم جۆرە هونەرە، ئامانجی ئـەوەیـە مرۆڤ بـە ئاسـانی شارەزابێت لە دۆخێکی، ڕەنگە ئامانجی دیبەیت تەنها بۆ سەلماندنی بابـەتێکی سیاسـی یـان ئـابووری نـەبێت. بـەڵکو مـەبـەسـتی پـەرەپێدانی کارامـەیـش بێت(سـتاری،١٣٩٥، ١٦). ئـەم جـۆرە هونـەرە دەگەڕێتـەوە بـۆ پـێش ئیسـلام لە بنەڕەتدا لە ئەدەبی کۆنی ئێرانیدا دەبینرێت، دەگەڕێتەوە بۆ دیبـەیتی نێوان داری خورماو مام بزن لەکتێبی(داری ئاسۆری)دا کە دیبەیتێکە لـە نێوان دوو کۆمەڵگەدا، گۆمەڵگەی ئاژەڵداری کە مام بزن ڕەمزی ئاژەڵدارییـەو کۆمـەڵگای کوشتوکاڵیش کە دارخورما ڕەمزی کۆمـەڵگای کوشـتوکاڵی، هـەردووڵا هـەوڵ دەدەن ئەوەبسەلمێنن کە ئـەو لـەویتر باشـترەو بـەکـەلک تـرە بـۆ مرۆڤایـەتی. لەسەرجەم کایەکاندا نموونەی بەرچاو هەیە بۆ ئەمجۆرە گفتوگۆیە.

**١_٣_٦_ کێشمەکێش(جدل):**

ئەم جۆرەشیان گفتوگۆیەکی زەینی و بیرییە، کە گفتوگۆ لەسەر بڕوایەک یان بیرێکی دیارکراودەکات بۆ پشتگیری کردن و چەسپاندنی بیرۆکەیەک یان بۆ پووچەڵکردنەوەو ڕەتکردنەوەیان بێت. ئەم گفتوگۆیە پشت بە لۆجیک و بەڵگەو سەلماندن دەبەستێ و دەبێتە دوو جۆر(کێشمەکێشی ئاشکرا و کێشمەکێشی شاراوە)، یەکەمیان لەگەڵ کەسێک یان چەند کەسێک ئەنجام دەدرێت و هەردوولایان ئامادەیی و بیروبۆچوونی خۆیان هەیە، بەڵام دووەمیان شاراوەو پەنهانە واتە تەنها لەگەڵ خودی پێشوو و خودی پاشتر ئەنجام دەدرێت کە زیاتر زارەکییە نەک نووسراو، مانای ئەوەنییە بە نووسراو نەبێت،(انوشیروانی،١٣٩٣، ١٦). بۆنموونە سامی عەوداڵ لەشیعرێکدا دەڵێت:

**هەژاری و دەردەداری تاکەی دەنۆشی سامی**
**تۆ فەقیرو بێ مەکانی قەت مەڵێ من خەڵقی کۆم** (معروف،٢٠١٠: ١١)

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا پرسیار لەخۆی دەکات و بە پرسیارکردن کێشمەکێشمەکە دەست پێ دەکات، کە لەنیوە دێڕی یەکەمدا خودی پێشوو لە خودی پاشتر دەپرسێت، تۆ هەژاری و نەداری تاکەی دەچێژی؟ لە نیوە دێڕی دووەمدا پێچەوانە دەبێتەوە خودی پاشتر بە خودی پێشوو دەڵێت مادام هەژار و بێ جێگاو شوێنی هەرگیز نەڵێی من خەڵکی کۆیەم، کێشمەکێشمەکە لەسەر ئەوەی شاعیر پێشتر وتوویەتی من خەڵکی کۆیەم، بەڵام لەمەولا نابێت جارێکی تر سامی بڵێ من خەڵکی کۆیەم، واتە خودی پێشوو دەڵێ من خەڵکی کۆیەم، بەڵام خودی پاشتر دەڵێت نابێ بڵێی خەڵکی کۆیەم، کەواتە کێشمەکێشمەکە لەجۆری دووەمدایە کە کێشمەکێشمی شاراوەیە(جدل پنهان).

یان شیعرەکی گۆرانی شاعیر بەناونیشانی(گوڵی خوێناوی)کێشمەکێشم لەنێوان کوڕو کچە بۆ چونە ناو شایی و لۆغان لە ناوگوند، بەڵام کچ دەڵێ من نایەم تاکو چەپکێک گوڵی زەرد و سوورم بۆنەهێنی، کوڕ چەند داوای لێ دەکات ناچێت، وەکو دەڵێت:

**کوڕ: بڕوانە ! شاییە، چۆپییە ، لەو ماڵە**
**گوێ بگرە !زوڕنایە! دەهۆڵە،شمشاڵە!**

**ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ**

**ساتوخوا خێراکە بابڕۆین دەست بگرین**
**بەکامی دڵداری پێکەوە هەڵپەڕین!**
**کچ : گوڵ نەبێ بۆ سەرم ئاڵ چەپکێ ، زەرد چەپکێ**
**نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ!**
**کوڕ: کچ لەڕێی جوانیتا، کچ لەڕێی جوانیتا**

**ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ**

**گوڵ کوانێ؟ گوڵ لێوی بەبزە پشکووت!**
**کچ : گوڵ نەبێ بۆسەرم ئاڵ چەپکێ ، زەرد چەپکێ**
**نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ!** (مەلاکریم،١٩٨٠، ١٦)

بەم شێوەیە کێشمەکێشمەکە بەردەوام دەبێت و کۆتاییەکەی بە تراژیدیا کۆتایی دێت. ئەم کێشمەکێشمە لە جۆری ئاشکرایەو کچ دەیەوێت، ئارەزووی خۆی بەکوڕە بهێنێتەدی، ڕازی بکات بۆئەوەی گوڵەکانی بۆ بهێنێ و بیدات لەسەری.

لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێت، کە نموونە شیعریەکان بۆ ڕوونکردنەوەی زیاترن وەک بەڵگەیەک، چونکە لەبەشی دووەمدا زیاتر جەخت لەسەر نموونەی شیعری دەکەینەوە بۆ سەلماندنی بابەتەکە.

## بەشی دووەم:
## تیۆری گفتوگۆی باختین و ئاوەژووبوونەوەی لە شیعری نالی و سالم و کوردیدا

### ٢_١_دیالۆگ لە چوارچێوی تیۆری باختیندا

میخائیل میخائیلوویچ باختین (١٨٩٥_-١٩٧٥) فەیلسوفی ڕووسی نەساختارگەراو نەمارکسی بوو، بەڵکو ڕۆشنفکرو ڕەخنەگرێکی بەناوبانگ بوو، کە پەیوندی خودی بە گوتارو نووسراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەبوو.

باختین تیۆری گفتوگۆی لەکاتێکدا خستەڕوو کە دوو ڕێبازی فەلسەفی و ئەدەبی لەوپەڕی گەشەکردن دابوو، کە پێڕەوی ڕێبازەکانی زمانناسی سۆسێرو ڕەخنەی شێوازناسیبوون (مقدادي،١٣٧٨، ٤٩٤). لەبنەڕەتدا تیۆری دیالۆگی بۆ شیکردنەوەو رەخنەی ئەدەبی دانا، پێی وایە کە هەر قسەو باسێک لەبارەی بابەتێکی دیارکراو کرابێت یان لە ئایندەش لەسەری بکرێت، ئەوە دیالۆگە ئەگەر نووسراوبێت یاخود گوتراو. بۆیە دەتوانرێت بۆ بەرهەمێکی کۆن یان کلاسیک بەکاربهێنرێت(مقدادي،١٣٧٨، ٤٩٢). چونکە پێی وایە، کە(بوونی دیالۆگ واقیعیەتێکی هاوبشە لەژیانی هاوبەشیکاران لە دیالۆگدا).(قريايي،١٣٨٦، ٣٥). واتە لەڕێگای دیالۆگەوە، ئەم واقیعیەتە یان ئەم ڕووداوە بەدەست دێت، جا لەهەر ئاستێکدا بێت. لە تیۆرەکەیدا ئەوەی خستۆتەڕوو، کە دیالۆگ (کۆتاییەکی کراوەیەو شێوەیەکی باشە، بۆ خستنەڕووی زارەکی لە ژیانی سەرەکی مرۆڤدا. هەروەها باسی ئەوەشی کردووە، کە مرۆڤەکان بەشێوەیەکی گشتی لەتەواوی ژیانی خۆیاندا بەچاو، لێو، دەست و بەتەواوی بەدەنیان بەگیان بەشداری دەکەن).(صادقيان،١٣٨٤، ٣٤). کەواتە باختین پێی وایە، کە دیالۆگ کۆتایی نایەت و هیچ سنوورێکی دیارکراویشی نییە، مرۆڤەکان بەتەواوی وجودیان بەشداری تیادا دەکەن. هەروەها باختین لە تیۆرییەکەیدا بەشێوەیەکی گشتی، مەرجی بۆ دیالۆگ داناوە، کە دەبێت لانی کەم، دوو کەسایەتی لەناو دەقدا هەبێت، واتە دیالۆگ لەسەر سێ بنەما، یان کەسایەتی دامەزراوە ئەوانیش، (قسەکر، گوێگر، وەڵامدەرەوە)ن، پەیوەندی نێوان ئەوانە زمانە، واتە زمان ئەم گفتوگۆیە دروست دەکات، (کليکز،١٣٨٨، ١٨٦). کەواتە بەبوونی دوو مەرج، یان بوونی دوو کەسایەتی زیندوو لەناو مەتندا دیالۆگ دروست دەبێت، چونکە مەرجەکانی گفتوگۆی تیادایە.

باختین باوەڕی وایە زمانی ڕۆمان دیالۆگە، بەڵام زمانی شیعر بەم جۆرە نییە. واتە دیالۆگی تێدانییە.(تۆدۆرۆف،١٣٧٧،١٢٥).لێرەدا باختین شیعر لە پەخشان جیادەکاتەوەودەڵێت: (پەخشان خاوەن سروشتێکی دیالۆگییە، بەڵام شیعر ئەم سروشتەی نییە)(سامۆئیل،٢٠٠٥، ١١). واتە شیعر خاڵییە

لەگفتوگۆ، ئەگەر وردتر بڕوانیینە بۆچوونەکانی باختین لەبارەی ئەم بابەتە، دەبینیین زۆر ڕاشکاوانەو ڕوونتر لەم بارەیەوە دەڵێت:( زۆربەی هەرە زۆری جۆرەکانی شیعر لە واتاو ناوەڕۆکدا کە بەرهەمی هونەرمەندانە، سوود لەدیالۆگ وەرناگرێت.)(تۆدۆرۆف،١٣٧٧، ١٢٨). لێرەدا باختین دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت، کە دیالۆگ لە شیعردا نییە، وە هونەرەکانی پەخشانیشی بە باشترین نموونە داناوە، بۆ بوونی دیالۆگ تیایاندا. بەڵام بەبۆچوونی ئێمە دەکرێ بوترێت،کە دیالۆگ نەک تەنها لەشیعری کلاسیک، بەڵکو لەشیعری میللی و فۆلکلۆرەوە تاکو شیعری نوێ وهاوچەرخ، لەهونەری دیالۆگ بێبەش نین، و لەهەموو جۆرەکانی شیعریشدا بەدی دەکرێت، تەنها شیعری فێرکاری نەبێت. ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە تیۆری گفتوگۆی باختین، سەبارەت بەشیعری کوردی ئاوەژوو دەبێتەوە،و شاعیرانی ئەدەبی کوردی هونەری دیالۆگیان، وەکو هونەرەکانی تری شیعری، کەم تا زۆر لەشیعرەکانیاندا بەکارهێناوە. واتە شیعریش، وەکو هونەرەکانی پەخشان بەتایبەتی ڕۆمان، دیالۆگی تیادایە بەپێی ئەو مەرجانەی، کە بۆ دیالۆگ دیاری کراوە. کەواتە چیتر ناکرێت بگوترێت، شیعری کوردی لە هونەری دیالۆگ خاڵییە. لە درێژەی لێکۆڵینەوەکەدا، بەچەند شێوازێکی جیاوازی گفتوگۆ، بەنموونەی شیعری کلاسیکی شاعیرانی ناوبراو ئەم ڕاستییە خراوەتەڕوو.

**٢-٢- شێوازەکانی دیالۆگ لە شیعری نالی و سالم و کوردیدا**

سەرەتای دەست پێکردنی دیالۆگ، لەلای نالی و سالم و کوردی بەیەک شێواز نییە، بەڵکو توانیویانە هۆشیاری و توانای خۆیان، لەم بوارەشەدا پیشان بدەن، چونکە گفتوگۆیەکان هەموویان لەیەک ناچن و جیاوازن، بەسەر چەند شێوازێکدا دابەشبوونە، ئەم شێوازانەش ئەمانەن :

**٢-٢-١- شێوازی پرسیارکردن :**

ئەم شێوازە بەهۆی نیشانەی پرس یان وشەکانی پرسیارکردنەوە دەناسرێتەوە، نالی و سالم و کوردی ئەم شێوازەیان لە هونەری دیالۆگدا لە دێڕە شیعرەکانیاندا بەکار هێناوە، بۆ نموونە نالی دەڵێت :

**شیرەیی جانە وتم یامەیە ؟ چا بوو فەرمووی**
**عەکسی لەعلی لەبی مەرجانە لە فنجانمدا**

(مودەڕریس و ئەوانیتر ، ١٣٧٩، ٨٨ ).

لەم دێڕە شیعرەدا نالی بە شێوەی پرسیارکردن دیالۆگەکەی دەست پێکردووە ئاراستەی مەعشووقەکەی کردووە، لە هەردوو وشەی (وتم، فەرمووی)دەردەکەوێت، کە لەجۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆیە لە شێوەی پرسیارکردن. لەڕووی ڕەوانبێژیشەوە خۆگێل کردنە.

یان لە دێڕە شیعرێکی تردا نالی دەڵێت:

**بە سەرووم وت کە ڕاستە سەرکەش و بەرزی کەچی لەرزی**
**کە فەرقیشم بگاتە ئاسمان بەندەی قەدی یارم**

(مودەڕریس و ئەوانیتر،١٣٧٩، ٤٦).

نالی لەم دێڕە شیعرەی سەرەوەدا پرسیار لە داری سەروو دەکات، لەبارەی بەرزی و بڵندی و ڕێکی قەدی، وەڵامەکەش لە نیوەدێڕی دووەمدا ئاشکرا و ڕوونە، دیالۆگەکەش لەنێوان نالی و داری سەروودا کە بەکەس کراوە لە جۆری ڕاستەوخۆیە، لە شێوەی پرسیارکردندا. دەچێتەخانەی خۆ بێ ئاگاکردن یان خۆگێل کردن.

سالم دەڵێت :

**چ صلحێکە وتم زولفت لە گەڵ ڕوو باهەمن دایم؟**
**وتی هەرگیز لە شەودا مجلیسی من بێ چرانابێ**

(مودەڕریس و ئەوانیتر ، ٢٠١٥، ٩٥٨ ).

لەم دێڕەی سەرەوەدا سالم دەرگای دیالۆگ بە پرسیارکردن بەسەر مەعشووقەکەیدا دەکاتەوەو پرسیارێکی ئاراستە دەکات، واتە لە شێوەی پرسیارکردنە لە جۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆیە. لەڕووی ڕەوانبێژیشەوە (جوانی بایس)ە.

کوردی دەڵێت :

**پێم وت ئاخر تۆ دڵی من کوێی دەبەی توند بوو وتی :**
**های ؟ بە تۆچی،ماڵمە خواهیشتمە بۆ کوێی بەرم**

(حەمەبۆر،٢٠١٠، ٣٢٣ )

لێرەدا کوردی بە پرسیارکردن دیالۆگ لەگەڵ مەعشووقەکەی دا دەکات، و ڕاستەوخۆ بۆمان دەگێڕێتەوە، لە هەردوو وشەی (پێم وت، وتی )دا دەردەکەوێت، کە لەجۆری ڕاستەوخۆیەو لەوشەی (کوێی)دا دیارە کە پرسیارکردنە، چونکە یەکێکە لە وشەکانی پرسیارکردن.

یاخود لەدێڕە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**لێی دەپرسم : بۆچی (کل ساو )ە موژە و ئەبرۆت ؟ دەڵێ :**

**تیخ و تیر ژەهراو دەدەن تا هەر بە ناسۆر بن برین**

(حەمەبۆر ، ٢٠١٠، ٤٢٣ )

لەم دێڕەدا کوردی خۆی بەیانی کردووە، کە پرسیار دەکات، وەکو دەڵێت : (لێی دەپرسم )، وشەی پرسیشی(بۆچی)، لەسەرەتا بەکارهێناوە، ئەمە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە دیالۆگەکە لە شێوەی پرسیار کردنەو لە جۆری ڕاستەوخۆیە.(جوانی بایس)یشە لەڕووی ڕەوانبێژییەوە.

**٢-٢- ٢- شێوازی ڕاگەیاندن (خبر ) :**

ئەم شێوەیە هەواڵێک یان خەبەرێک، ڕاستەوخۆ لە کارو حاڵی کەسێک یان شتێک دەدات، نالی و سالم و کوردی ئەم شێوەیان، لە شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە، کەهەواڵێک دەدەن بە مەعشووقەکانیان لە ڕێگای هونەری دیالۆگەوە، وەکو نالی دەڵێت :

**من گوتم : سەروی قەدت مەوزوونە، ئەو تەبعەم هەیە**

**ئەو گوتی : (( نالی )) بە میزابی کینایەتمان دەشۆی**

(مودەڕریس و ئەوانیتر ، ١٣٧٩، ٧٠٢).

لەم دێڕە شیعرەدا نالی، هەواڵێک دەدات بە مەعشووقەکەی، لە ڕێگای وەسف کردنەوە، دەیەوێت پێی بڵێت حەزم لێتە، کەواتە ئەم دێڕە دیالۆگێکی ڕاستەوخۆیە لە شێوازی ڕاگەیاندندا.

سالم دەڵێت :

**گوتم (سالم ) دزە، دەستی بڵند کرد ئاینەی ڕاگرت**

**وتی : کێشکچی ئەم باغە بەدایم خاڵی هیندوومە**

(مودەریس و ئەوانیتر ،٢٠١٥، ٨٠٤ ).

لەم دێڕەدا سالم بە شێوەی ڕاستەوخۆ بۆمان دەگێڕێتەوە، کە هەواڵێک دەدات بە مەعشوقەکەی، سەبارەت بە خۆی. واتە ئەم دێڕە شیعرە لە جۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆیە لە شێوازی ڕاگەیاندن.

کوردی دەڵێت :

**من وتم : کوشتمت، ئەو پێ دەکەنی و، صەبریێ وتی :**

**(کۆنە کرپاچ ) ئەمە ساڵێکە بەڵەد بووم لە درۆت**

(حەمەبۆر،٢٠١٠، ١٠٨).

لەم دێڕە شیعرەدا کوردی هەواڵێک دەدات بە مەعشووقەکەی ئەویش هەواڵی کوشتنیەتی، کەواتە ئەم دێڕە شیعرە دیالۆگی ڕاستەوخۆیە لە شێوازی ڕاگەیاندن. هەروەها تەنزیشی تێدایە.

**٢-٢-٣- شێوازی داخوازی (أمر) :**

لەم شێوازەدا داوا و فەرمانکردن، لە کەسی یەکەم ئاراستەی کەسی دووەمی تاک، یان کۆ دەکرێت. سەبارەت بە نالی وسالم و کوردی، لە شیعرەکانیاندا ئەم شێوازە بەدی دەکرێت، لە هونەری دیالۆگەکەشیاندا ڕەنگی داوەتەوە، وەکو ئەم دێڕە شیعرانەی خوارەوە:

نالی دەڵێت :

**گوتم : ئەی ماە ، دڵی من بەدڵی خۆت بکڕە !**

**گوتی : من بەردی بەقیمەت بە کەبابی نادەم**

(مودەڕریس و ئەوانیتر، ١٣٧٩، ٣١٦ )

لەم دێڕەدا نالی ڕووی دیالۆگ و داخوازی، دەکاتە مەعشووقەکەی و داوای لێدەکات، کە دڵی خۆی بداتێ ئەمەش مەجازە، لێکچواندنی پێچراویشی تێدایە، لە شێوەی سەرسوڕمانیشە، چونکە کڕین و فرۆشتن بە دڵ ناکرێت، بەڵام لە وشەی (بکڕە)دەردەکەوێت، کە دیالۆگەکە لە شێوەی داخوازییەو، لەجۆری ڕاستەوخۆیە.

یاخود لە دێڕە شیعرێکی تردا نالی دەڵێت :

**پێم گوت : مەکە چاک چاکم، پێش خزمەتی زۆرچاکم ...**

**فەرمووی : بە سەری کاکم، داغت لەدڵمدایە !...**

(مودەڕریس و ئەوانیتر، ١٣٧٩، ٥٦٧).

لەم دێڕەشدا نالی ڕووی دیالۆگ بە داخوازی دەست پێدەکات ئەویش داوا لە مەعشووقەکەی دەکات بە نەکردنی کارێک کە لە وشەی (مەکە) دا دەردەکەوێت، لە شێوەی داخوازییەو لەجۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆیە.

سالم دەڵێت :

**وتم بابەس لە خوانی وەصلی تۆ نەومێد و جاوید بم**

**وتی : مردوت مریٚ عاشق بەدایم زار و مەحروومە**

(مودەرریس و ئەوانیتر، ١٩٧٢، ٨٠٣ ).

لەم دێڕەدا سالم بۆمان دەگێڕێتەوە، کە داوای لە مەعشووقەکەی کردووە، چیتر بیٚ بەشی نەکات، واتە ئەم دیالۆگە لە شێوەی داخوازی لە جۆری ڕاستەو خۆیە. هەروەها کوردی لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێت :

**دەڵیٚ واعیظ* : وەرە، لەم دولبەرە دەست هەڵگرە، پێم گوت :**

**نەفامی خەر، ئەتۆ نازانی ( بیٚ عەهدی لەدین دوورە ) ؟؟.**

(حەمەبۆر، ٢٠١٠، ٥٨٧).

کوردی لەم دێڕەدا ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە واعیظ فەرمانی پیٚ کردووە کە لە وشەی (وەرە ، هەڵگرە )دەردەکەوێت، لە شێوەی فەرمانکردنە لەجۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆیە، لەم دێڕەدا جیاواز لەدێڕەکانی تر ئەوە دەردەکەوێت، کە دەرگای دیالۆگ لای کوردی نەبووە، بەڵکو لای واعیظ بووە، واتە دیالۆگەکە لەگەڵ مەعشووقەکەی نەبووە، لەسەر مەعشووقەکەی بووە .

یاخود کوردی لەدێڕێکی تردا دەڵێت :

**گوتم : ئینصاف بکە، تاکەی ئەسیری چاهی دووریت بم ؟**

**وتی : هەی قوڕبەسەر، عاشق هەمیشە زارو محجور***

(حەمەبۆر، ٢٠١٠، ٥٨٧).

لەم دێڕەدا دیارە کوردی، دوو شێوازی تێکەڵ بە یەکتری کردووە. ئەویش شێوازی داخوازی و پرسیارکردنە. وەکو بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت:(گوتم ئینصاف بکە)، ئەمەی ئاراستەی مەعشووقەکەی کردووە، کە داخوازیەکەیەتی، پاشان پرسیارەکەی بە(تاکەی)دەست پێدەکات.

دیالۆگەکە لەجۆری ڕاستەوخۆیە لەشێوەی داخوازی و پرسیارکردندایە.

لەم هونەرەدا، نالی و سالم و کوردی مەبەستی خۆیان پێکاوە، ئەوەی ویستبێتیان دەریان بڕیووە، بەچەند شێوەیەکی جیاواز، لەم هونەرەدا، وەکو هونەرەکانی تری شیعری، تواناو شارەزایی خۆیان پیشان داوە، کە ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. هەروەها بەهۆی شیعری ئەم شاعیرانەوە ئەوە یەکلادەبێتەوە، کە دیالۆگ لە شیعری کلاسیکی کوردیشدا هەیە.

## ئەنجام

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم خاڵانەی خوارەوە :

١_ نالی و سالم و کوردی، ورد بوون لە بەکارهێنانی هونەری دیالۆگدا، چونکە بە چەند شێوازێک پێشکەشیان کردووە.

٢_ هونەری دیالۆگ، دەتوانرێت لە چەند لایەن و بابەتی جیاوازەوە لێی بکۆڵدرێتەوە لەوانە: لەبارەی ڕێزمان، ڕوانبێژی، شێوازو جۆرەکانیشیەوە.

٣_ لە ڕێگای هونەری دیالۆگەوە، دەتوانرێت ئەو بابەتانە بزانرێن و کەسایەتییەکان بناسرێن، کە شاعیرانی قوتابخانەی نالی لەگەڵیاندا دواون.

٤_ لێرە بەدواوە دەکرێ بوترێت، چیتر هونەری دیالۆگ، نابێتە خاڵی جیاوازی نێوان، گوتاری شیعری و گوتاری ڕۆمان بەتایبەتی، چونکە لەزۆربەی جۆرەکانی شیعردا، بوونی هەیەو شاعیران توانیویانە، سەرکەوتوانە مەبەستەکانی خۆیانی پێ بپێکن.

٥_ دیالۆگ جۆرێکی تایبەتە لە پەیوەندی کردن، چونکە هەموو پەیوەندییەک ماهیەتی دیالۆگی نییە.

٦_لێرەدا ئەوە یەکلابویەووە، کە تیۆرییەکەی باختین لەبارەی هونەری گفتوگۆ لە شیعردا ئاوەژوودەبێتەوە، کە دیالۆگ لەشیعری فۆلکلۆرو لە شیعری کلاسیک و نوێشدا، وەکو هونەرێک بەکارهاتووە و بوونی هەیە.

**پەراوێزەکان**

* واعظ: ئامۆژگاری کار.

* لە شیعری کلاسیکی کوردیدا خاڵبەندی نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو سەرچاوانەی سوودمان لێ وەرگرتوون، خاڵبەندییان بۆ دێرە شیعرەکان داناوە نەمان ویست دەست کاریان بکەین، وەکو خۆیمان نووسیوەتەوە.

**سەرچاوەکان**


١- پارسا، سید ئەحمد (١٣٩٧ش)، ڕوونبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپ اول، انتشارات نالی، سنندج.

٢.پەشێو، عەبدوڵا (٢٠٢٠)، دیوانی شیعری، سەوڵم پۆلاو کەناریش دوور، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٣. حاجی، سەنگەر قادرشێخ محمد (٢٠٠٩م)، بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی(مەم و زین)ی ئەحمدی خانی و ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار علی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٤- حەمەبۆر، محمد مستفا (٢٠١٠م)، دیوانی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٥- سەججادی، عەلائەددین (١٣٩٣ش)، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی کوردستان،سنە.

٦- شارەزا و میران، کریم و سردار حمید (٢٧٠٧ک)، دیوانی شیعری، حاجی قادر کۆیی، شارەکتێبی میدیا، سنە.

٧- عەونی، فەرهاد (٢٠١١م)، دیوانی شیعری، عوسمان عەونی، چاپی دووەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٨- مەلاکریم، محمد (١٩٨٠م)، دیوانی شیعری، سەرجەم بەرهەمەکانی گۆران، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد.

٩- محمد، میران جلال (٢٠٠٩م)، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا،چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

١٠. معروف، کمال (٢٠١٠م)، دیوانی شیعری، سامی عەوداڵ ، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلیمانی.

١١. مودەڕڕیس و ئەوانیتر، مەلاعەبدولکەریم و مەحەمەدی مەلا کەریم و فاتیح عەبدولکەریم (١٣٧٩ش)، دیوانی نالی، چاپی دووەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.

١٢. مودەرریس و ئەوانیتر، مەلاعەبدولکەریم و فاتیح عەبدولکەریم و محمدی مەلا کریم،ئامادەکردنی صدیق سالّح (٢٠١٥م)، دیوانی سالم، بەرگی دووەم، بنکەی ژین، سلێمانی.

**نامەی ئەکادیمی:**

١٣- سابیر، ئەردەلان شوکر (٢٠٠٢م)، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەسدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحددین، هەولێر.

**کتێب بەزمانی عەرەبی:**

١٤.الخفاجي، احمد رحيم كريم (٢٠١٢م)، المصطلح السردي في النقدي الادبي العربي الحديث، الطبعة الاولى، دارصفاء للنشر والتوزيع، عمان.

**بەزمانی فارسی:**

١٥- احمدی، بابک (١٣٨٨ش)، ساختارو تأویل متن، چاپ یازدهم، نشرمرکز، تهران.

١٦- انوشیروانی، علی رضا،١٣٩٣ش، گفتوگومندی باختینی،جلد دهم، نشرمرکز،تهران.

١٧-تودۆرف، تزوتان (١٣٧٧ش)، منطق گفتوگویی میخائیل باختین: داریوش کریمی، تهران، مرکز.

١٨.تودۆرۆف، تزوتان (١٣٧٣ش)، باختین، بزرگترین نظریه پرداز ادبیات درقرن بیستم، سودای مکالمه، خنده، أزادی، میخائیل باختین: محمد پویند، تهران، ارست.

١٩.تودوروف، تزوتان (١٣٧٧ش)، منطق گفتگویی، ترجمه: محمد جعفر پایند، نشر چشم، تهران.

٢٠- ستاری، رضا (١٣٩٥ش)، تحلیل قیاسی مناظر، دانشگا شهید بهشتی، تهران.

٢١. . قریایی، نیما (١٣٨٦ش)، دیالۆگ چیست؟ درگول گفتوگو است، مطبع قدرت، تهران.

٢٢. گاردینز، مایکل (١٣٨١ش)، تخیل معمولی باختین، ترجمه: یوسف اباذری، ارغوان.

٢٣. مقدادی، بهرام (١٣٧٨ش)، فرهنگ اصطلاحات نقد ادبی از افلاطون تا عصر حاضر، تهران، فکر روز.

**گۆڤارەکان بەزمانی فارسی:**

٢٤. پورنامداریان، نقی (١٣٨٥)، منطق گفت وگو غزل عرفانی،مطالعات عرفانی،شماره٣.

٢٥.صادقیان، فاطم (١٣٨٤)، تحلیل مناظر براساس نظری دیالوگیسم باختین، مجله مطالعات ایران، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاەی شهید باهنر کرمان، شماره سی ام.

٢٦. مقدادی، بهرام و فرزاد بویانی (١٣٨٢)، جویس و منطق مکالم، رویکردی باختینی به اولیس جیمزجویس، پژوهش های زبان خارجی، شماره(١٥).

## چکیده

این تحقیق تا حدی در این واقعیت است که گفتوگو یکی ازمهم ترین هنرهای زبان وکلام به طور کلی است که بطور خاص در ادبیات مورد استفاده قرار گرفته است. بەعنوان بخش عمدای از زمان به منظور انتقال ایدەهای اصلی در متن مشاهده می شود. هدف اصلی نیز تبیین دیدگاه باختین درباره هنر گفتوگو در شعر کردی، به ویژه در شعر کلاسیک کردی است. در حالی که باختین عموما شعر را از فن دیالوگ محروم می کرد و معتقید بود که شعر خالی از دیالوگ است، مخصوصا وقتی بین شعر ونثر تمایز قائل می شود و معتقد است که رمان بهترین نمونه گفتوگو است،اما انواع شعر برای این منظورنیست. در کنار نمونه هایی از چند بیت شعر از شاعران قدیم و جدید کردی برای انواع گفتوگو در شعر، چند بیت شعر از نالی، سالم و کردی اثبات فن گفتوگو در شعر شده است.

**کلید واژەها:** شعر، گفتگو، نالی، سالم، کردی.

## Abstract

This research is partly in the fact that dialogue is one of the most important arts of language and speech in general It has been used in literature in particular. The art of dialogue has been widely used in many fields of language and literature because of its importance as a major part of the time It is viewed in order to convey the main ideas in the text. The main purpose is to explain Bakhtin's views on the art of dialogue in Kurdish poetry. Especially in classical Kurdish poetry. While Bakhtin generally deprived poetry of the art of dialogue and believed that poetry is empty of dialogue, especially when he distinguishes between poetry and broadcasting and believes that the novel is the best example of dialogue, but the types of poetry are not for this purpose, along with examples of several lines of poetry by old and new poets Kurdish for Types of Dialogue in poetry, several lines of poetry by Nali, salim and Kurdi have been made the essence of our research to prove the art of dialogue in poetry. Keywords: poetry, discussion, Nali, Salim and Kurdi.